# هەموو کار وکردەوەیەک بە پێی نیەت ومەبەستە، وهەموو کەسێکیش بە پێی نیەتەکەی پاداشت دەدرێتەوە

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرمووێت: «هەموو کار وکردەوەیەک بە پێی نیەت ومەبەستە، وهەموو کەسێکیش بە پێی نیەتەکەی پاداشت دەدرێتەوە، بۆیە ئەو کەسەی کۆچکردنەوەی بۆ لای خودا وپێغەمبەرەکەی بێت؛ ئەوا کۆچکردنەوەی بۆ لای خودا وپێغەمبەرەکەیەتی، وئەوەی کۆچکردنەوی بۆ شتومەکی دونیا بێت کە دەستی بهێنێت یان ئافرەتێک بێت کە مارەیی بکات؛ ئەوا کۆچکردنەکەی بۆ لای ئەو شتانەیە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەمە فەرموودەیەکی مەزنە لەم بابەتەدا، وهەندێک لە زانایان بە سێیەکی ئیسلامی دادەنێن، ئیماندار بە پێی نیەتەکەی وچاکی مەبەستەکەی پاداشت دەدرێتەوە، ئەوەی کردەوەکانی بە دڵسۆزی بۆ خوای گەورە بێت ئەوا خودا قبوڵی دەکات ئەگەر کەمیش بێت بە مەرجێک بە گوێرەی سونەت بێت، وئەوەی کردەوەکەی بۆ ڕیایی بێت وبە دڵسۆزی بۆ خوای گەورەی نەبێت ئەوا ڕەت دەکرێتەوە ئەگەر کردەوەکە گەورەیش بێت. هەر کردەوەیەک مەبەست پێی جگە لە خودا بێت ئەگەر ئەم مەبەستە ئافرەت یان پارە یان پلەپایە یان جگە لەوانە بێت لە هەرشتێکی دونیا، ئەمانە ڕەت دەکرێنەوە بە ڕووی خاوەنەکەی، وخوای گەورە قبوڵی ناکات، چونکە دوو مەرجی قبوڵ بوونی کردەوەی چاک بریتین لە: کردەوەکە بە دڵسۆزی بۆ خوای گەورە بێت، وبە پێی سونەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4560

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee